



غوفران سەڵاحەدین  یاریزانی تێنسی سەرمێز:

# گرفتی سەرەکیی ئەم یارییە نەبوونی هۆڵی مەشق و راهێنانە



غوفران سـەڵاحەدین یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یاریی تۆپی سەرمێز لە شاری هەولێر و ماوەیەکی زۆریشە لە خزمەتی یاریی تێنسی سەرمێزە و خاوەن ئاستێکی بەرزە لە یارییەکەی خۆی، غوفران لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٥ی شاری هەولێرە و دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشـییە، ئێستا لە هیچ یانەیەك یاری ناکات، پێشـتر یاریزانی هەریەك لە یانەکانی (هەولێر، بروسك، تورکمان، ئەکاد، برایەتی و سلێمانی) بووە. لەم دیدارەیدا لەگەڵ گوڵان سەبارەت بە ژیانی وەرزشـی خۆی و ئاسـتی تێنسی سـەرمێز لە کوردستان وەڵامی چەند پرسیارێك دەداتەوە.



*** ئاستی یاریی تێنسی سەرمێز بەگشتی لە کوردستان و عێراق چۆن دەبینی؟**

- ئاستی یاریی تۆپی سەرمێز بەرەو نزمی دەڕوات لە کوردستان لەبەر ئەوەی هیچ پاڵپشتیەکی نییە و بە تایبەتی لە شاری هەولێر، لە عێراقیش زۆر پێشکەوتوو نییە، بەڵام یانەکان بەشداری خولەکان دەکەن و یاریزانانی بیانیش دەهێنن.

***وەکو یاریزانێك پێتوایە هێنانی ئەم یاریزانە پیشەگەرانە تا چەند سوودی بۆ وەرزشی کوردستان دەبێت ؟**

- بەڵێ من لەگەڵ ئەوەدام کەوا یاریزانانی پیشەگەر بێتە ریزی یانەکانی کوردستان، بەڵام بە مەرجێك ئەم یاریزانە هەر لێرە بمێنێت و راهێنان بکەن لەگەڵ یاریزانە لاوەکان، نەك بە تەنیا بۆ یاریکردن بێت و دواتر ریزی یانەکان بەجێبهێڵن.

*** ئەوە نابێتە هۆکار بۆ پشتگوێخستنی یاریزانە لاوەکان؟**

- نەخێر، بگرە زیاتریش ســوودی دەبێت بۆ یاریزانانی خۆمان و ســوود لە ئەزموونی ئەوان وەردەگرن ئەگەر بۆ ماوەیەکی زیاتریش بمێننەوە سوودی زۆرتر دەبێت.

*** بۆ بەرەو پێش بردنی ئەم یارییە چی بکرێت باشە؟**

- گرنگیدان بە زیاتر کردنەوەی پاڵەوانێتی و مەشــق و راهێنانی بەردەوام، ســاڵانە ئەگەر بکرێت چەند جارێك بچنە دەرەوەی وڵات بۆ مەشــق کردن و بەشــداریکردن لــە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

*** بۆچی ئێستا لەگەڵ هیچ یانەیەك یاری ناکەیت؟**

- مــن هەر بەتەنیا نیم کە یــاری بۆ هیچ یانەیەك ناکەم، بگرە چەندین یاریزانی دی هەن لە شــاری هەولێر کە بۆ هیچ یانەیەك یاری ناکەن، کە باشترینەکانی شاری هەولێرن وەکو یاریزانان (شاهین نەجات، بەشار نەجات، محەمەد سەعدوڵڵا)کە هەموویان یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق بوون، هۆکاری سەرەکیی یاری نەکردنی ئێمەی یاریزانان ماددییە، چونکە من وەکــو یاریزانێك چۆن دەتوانم خۆم بە ٣٠٠هــەزار دینار بەڕێوە ببەم کە بەشــی هاتوچۆ ناکات، لە هەمان کاتیشدا هیچ دواڕۆژێکی نییە، ئەوەی راستی بێت هەموو یانەکانی شــاری هەولێر هەتا کاریان بە یاریزانان بێت، ئەوە ریزی لــێ دەگرن، کە کاریان پێ نەما، لە بری رێزگرتن دەرکردنە، بۆیە من و ئەو یاریزانانەی ســەرەوە بڕیاری ئەوەمان داوە کە یاری بۆ هیچ یانەیەك نەکەین، تاکو ئەوەی دەمانەوێ بۆمان بکەن، چونکە یانەکانی شاری سلێمانی و عێراق بەگشتی یانەکانی هەولێر تەنیا بۆ یاریزانانی بێگانە باشــن و پارەی باشیان پێ دەدەن، من دوای ١٥ ساڵ لە یانەکانی هەولێر وازم هێنا.

*** بۆچی وازت لە یانەی ســلێمانی هێنا، ئایا هیچ کێشەیەکت لەو یانەیە هەبوو؟**

- هیچ کێشــەیەکم نەبوو، بەڵام کە ماوەی گرێبەســتەکەم تەواو بوو، بڕیاری ئــەوەم دا، یاری بۆ هیچ یانەیەك نەکەم، بەهۆی ئەو هۆکارانەی باسم کرد.

***بڕیارت نەداوە قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریی تێنســی سەرمێز لە شاری هەولێر بکەیتەوە ؟**

- ئەگەر بیریش بکەمەوە هەر نایەتەدی، چونکە پێویســتی بە پاڵپشتیی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان هەیە، بەداخەوە ئەم یارییە لە هەموو لایەکەوە پشتگوێ خراوە.

*** لە یاری تێنســی سەرمێز زیاتر کێشــەوگرفتی چیتان هەیە؟**

- گرفتی سەرەکیی ئەم یارییە لە کوردستان نەبوونی هۆڵی مەشق و راهێنانە، هیچ یانەیەکی شاری هەولێر هۆڵی مەشق و راهێنانی نییە، جگە لە یانەی ئەکاد ئەویش وەکو پێویســت نییە.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە؟**

- بەرنامەی مــن ئەوەیە کە لە داهاتوودا ببمە راهێنەرێکی ســەرکەوتوو یاریزانی لاوی بەتوانا بۆ شاری هەولێر دروست بکەم.

*** ئێستا لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق یاری دەکەیت؟**

-نەخێر ئێستا یاری ناکەم، دوایین یاریم لەگەڵ هەڵبژاردەکە لە پاڵاوتنی ئۆلۆمپیاتی پەکین بوو لە وڵاتی ئوردن.

*** هەســت ناکەی ئەم یارییە لە شاری هەولێر بەرەو نەمان دەچێت؟**

-بەڵێ، رۆژ بە رۆژ بەرەو نەمان دەچێت، ئێســتا تەنیا یەك یاریزانی بچووکمان هەیە بە ناوی بەکر سەعدوڵڵا کە ئاستی بەرز بێــت، بەڵام کاتێك ئێمە دەســتمان پێکرد، نزیکەی ٢٠ یاریزان بووین کە بچووك بووین، بەڵام ئێســتا هەمووی شەش یاریزان نابن.

*** باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان چی بووە؟**

- ئەنجامی باشم زۆرە لە ساڵی ٢٠٠٢ پلەی یەکەمم لەسەر ئاستی عێراق هێناوە، لەگەڵ یانەی هەولێر پلەی دووەم لەسەر ئاســتی عێراق و لەگەڵ یانەی بروسك بۆ هەڵبژاردەی عێراق دەستنیشان کرام، لەسەر ئاستی عێراق یەکەم بووم لەسەر ئاستی پێشکەوتووان، لە پاڵەوانێتیی رۆژئاوای ئاسیا لە ئوردن پلەی دووەمم بەدەســتهێناوە و لەگەڵ یانەی سلێمانی پلەی سێیەم لەسەر ئاستی کوردستان و لەگەڵ چەندین ئەنجامی دیکە.

***وەك دواوتەت دەتەوێ باسی چی بکەی؟**

- زۆر ســوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ گرنگیدان بە گشت وەرزشەکان و یاریزانان بەگشتی.

دیمانە : کارزان کانەبی



## ئیسکۆ:
## خۆشحاڵم بە مانەوەم لە یانەی شاهانە

یاریزان و مایسترۆی هێڵی ناوەڕاستی یانەی ریال مەدرید ئیسکۆ ئەلارکۆن دووپاتـــی کردەوە هەماهەنگییەکی تەواوی لەگەڵ جیمس رۆدریگز لە یانەکە هەیە. ئەمەو رۆژنامەی مارکای ئیسپانی لە زاری ناوبراو بڵاویکردۆتەوە کە بەردەوام دەبێت لە هەوڵ و کۆششەکانی بۆ بەرز راگرتنی ئاستی لەیانەی شاهانە بۆ وەرزی ئەمساڵ بەتایبەت لە رووی بەرگرییەوە. هەروەها ئیســکۆ ئامـــاژەی بۆ ئەوە کردووە یارییەکانی داهاتووی یانەکەی لە ســەرجەم خولەکان ئاســتیان بەرزتر دەبێت و وتیشـــی: یارییەکان پێویســتی بە هەوڵ و ماندوبوونی زیاتر دەبێ، زۆریش خۆشــحاڵم بە مانەوەم لە ریزی یانەی ریال مەدرید و هیوادارم هەمیشــە بتوانم لە پێکهاتەی یانەکە جێی خۆم بکەمەوە.



## مان سیتی
## هەوڵی رازیکردنی رامۆس دەدات

**وەك هەنگاوێك بۆ پتەوکردنی هێڵی بەرگری یانەکەی کارگێڕی یانەی مانچستەر ستی لە کۆششدایە بۆ رازیکردنی یاریزانی نێودەوڵەتی ئیســپانیا ســیرجیۆ رامۆسی بەرگریکاری یانەی شاهانە بەمەبەستی گواستنەوەی بۆ ریزی یانەکەی لە کۆتایی وەرزی ئەمساڵ.**

**لەمبارەیـــەوە رۆژنامەی ئێســـی ئیســـپانی دووپاتیکردۆتـــەوە کە یانەی ســتی ئامادەیە گرێبەستێکی باش و مووچەیەکی زۆر پێشــکەش بــەو یاریزانە بکات، بەو هیوایەی بێتە ریــزی یانەکە بۆ رابەرایەتی هێڵی بەرگری لە وەرزی داهاتوو، بەڵام یاریزانی ناوبراو مکوڕە لەســەر مانەوەی لە ریزی یانەی ریـــال مەدرید و ئـــارەزوو دەکات هەر لەگەڵ یانەی شـــاهانە بمێنێتـــەوە. ئەمەو لە میانی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی ئسـپانیا، تیشك خرایە ســەر یانەی ریال مەدرید و رامۆسی وەك کۆڵەگەیەکی بەهێز ناوبرد بۆ ســەرکەوتنەکانی ئەم دواییەی یانەی ریال مەدرید بە بردنەوەی جامی پاڵەوانیەتی خولی یانەکانی ئەوروپا بۆ جاری دەیەم لە مێژوودا.**

# دێڤید لویز: خەریک بوو پەیوەندی بە یانەی بەرشلۆنەوە بکەم



یاریزانـــی بەرازیلی و بەرگریـــکاری یانەی پاریس سان جێرمان دیڤد لویز دانی بەوەدانا کە زۆر نزیك بوو لەوەی رووبکاتە یانەی بەرشلۆنە لەکاتـــی وەرزی گواســـتنەوەی هاوینە، لویز لە لێدوانێکیدا گوتی: بەرشـــلۆنە لە وەرزی گواســـتنەوەی هاوینەدا هەوڵیـــدا بۆندێکم لەگەڵ مۆربکات، بەڵام هەســـتم بەوە کرد کە ئەو یانەیە ئـــارەزوو دەکات بڕۆمە ریزەکانی و دەیەوێت گرێبەستم لەگەل واژوو بکات، ئەوا یانەی پاریس سان جێرمانە بۆیە رووم لەم یانەیە کرد.

هەر لەدرێژەی قســـەکانیدا بۆ رۆژنامەی ئێســـی ئیسپانی دێڤید لویز دووپاتی کردەوە کە یانەی پاریس ســـان جێرمان بۆ چەند جارێك هەوڵیانداوە گرێبەســـتی لەگەڵ واژوو بکەن و وتیشی: بەخۆشحاڵیەوە هەردوولامان گەیشتینە رێککەوتن.

شـــایەنی وتنە پاریس سان جێرمان بەپێی گرێبەستێك بە بڕی ٥٠ ملیۆن پاوەند یاریزانی ناوبراوی لە یانەی چێلســـی کڕی و لەدوایاری نێوان هـــەردوو یانە لە چامپیۆنز لیگ لویـــز گۆڵێکی تۆمارکرد و یانەکەی بـــە ئەنجامی ٣ گۆڵ بەرامبەر بە ٢ گۆڵ بەرەو سەرکەوتن برد.





# ئەرسنال گرێبەستی یاریزانەکانی درێژ دەکاتەوە

یانەی ئەرســـناڵی ئینگلیزی لە هەوڵی پارێزگاریکردنە لـــە یاریزانەکانی بۆ چەند وەرزی داهاتوو، بەتایبەت دوای ئەوەی یانەی ناوبراو توانی گرێبەستی لەگەڵ هێرشبەری فەرەنسی یانەکەی ئۆلیفی جیرۆ نوێ بکاتەوە، لە ئێستاش کارگێڕی یانەکە لە هەوڵی نوێکردنەوەی بۆندی تیۆ والکۆتە.

لەمبارەیەوە رۆژنامـــەی میترۆی ئینگلیزی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە یانە لەندەنییەکە دوابەدوای گفتوگۆی نێوان یاریزان و یانەکە، هەردوولا گەیشتنە رێککەوتن بە نوێکردنەوەی گرێبەستی جیرۆ تا ساڵی ٢٠١٨، لەســـەر ناوەرۆکی گرێبەستەکەش رێککەوتن، لەئێستاشدا ئەرسن فینگەری راهێنەر هەوڵ دەدات نێوی والکۆت بە یاریگەی ئیمارات گرێبدات، چونکە گرێبەستی یاریزانـــی ناوبراو لە ٢٠١٦ بەکۆتـــا دێت دوای ئەوەی ســـاڵی رابردوو بەپێی گرێبەســـتێك لەگەڵ یانەکەی رێککەوتن بەدرێژکرنەوەی گرێبەستەکەی بۆ ماوەی ســـێ ساڵ بەرامبەر بە مووچەی هەفتانەی ٧٥,٠٠٠ پاوەنـــد، بەڵام ئەگەر گرێبەســـتەکەیان نـــوێ بکرێتەوە ئەوا مووچە هەفتانەکەی بۆ ١٠٠,٠٠٠ پاوەند بەرزدەبێتەوە





# هەولێر
## بۆ جاری دووەم گەیشتە یاری کۆتایی جامی یەکێتی ئاسیا

ڕێبین ڕەمزی

هەرچەندە یانەی هەولێر لە سەرەتای وەرزی ئەمساڵدا و لە نێوەی وەرزی رابردووی خولی عێراق و پاڵەوانێتی ئاسیا لە بەردەم قەیرانی گەورەی داراییدا بوو، بۆیە کەس پێشـــبینی ئەوەی نەدەکرد هەولێر بتوانێت قۆناغی یەکەمی پاڵەوانێتیەکە ببرێت، چونکە قەیرانە داراییەکە ئەوەندە قووڵ و گەورە بوو، کە یانەکە پارەی گەشـــتکردن و بۆندی یاریزانەکانی نەبوو، بەڵام ئەم یانەیە توانی بەســـەر هەموو کێشەکانیدا زاڵ بێت، بە بێ ئەوەی داوای شـــتێك، یان هەڕەشە بکات، توانی پەرە بـــە کاروانی خۆی بدات و لە خولی عێراق تا دواســـاتەکان رکابەر بوو لەســـەر نازناوی خولەکـــە، ئەمرۆش لە جامی یەکێتی ئاسیا توانی بۆ جاری دووەم خوی بگەیێنێتە یاری کۆتایی پاڵەوانێتییەکە و مێژوو بۆ خۆی تۆمار بکات.

«هەولێرە هەولێرە بە بردنەوە فێرە» ئەمە وتەی هاندەرانی یانەکەیە، کاتێك یارییەکانی لە نێو یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری بەڕێوەدەچێت، بەڵام یانـــەی هەولێر لە پاڵەوانێتی جامـــی یەکێتی ئاســـیا لەم وەرزدا هیـــچ یارییەکی لە نێو یاریگـــەی خۆی ئەنجام نەدا، بەهـــۆی خراپی بارودۆخی ئەمنی عێراق، یارییەکانی رۆژێك لە قەتەر و رۆژیکی دی لە لوبنان و دواتـــر لە ئوردن.. ئەنجامدا، کەچی یاریزانانی یانەکە توانییان ئەوە بسەلمێنن، کە بە یەکڕیزی و پاڵپشتیکردن هەموو شتێك ئەنجام دەدرێت.

کاروانی یانـــەی هەولێر لـــەم پاڵەوانێتیە لە ســـەرەتادا بەمشـــێوەیە بوو: کاتێك لـــە کۆمەڵەی چـــوارەم یاریکرد شانبەشانی یانەکانی (شەباب ئوردن، رەفاع بەحرێن، ئالای ئاوش قیرغســـتان)، ئەنجامەکانی لەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیە بوو:

هەولێر - شـــەباب ئوردن ٣-١ (لوئەی ســـەلاح، ئەمجەد رازی، بۆرخا رۆبیاتاو)

هەولێر - ئالای ئـــاوش ٦-٠ (هاوار مەلا محەمەد (٣) گۆڵ، گۆتۆر، هەڵگورد مەلا محەمەد، فەرحان شکور)

هەولێر - رەفاع ١-٢ (هەڵگورد مەلا محەمەد)

هەولێر - رفـــاع ٣-٠ (لوئەی ســـەلاح، بۆرخا رۆبیاتاو (٢)

هەولێر - شەباب ئوردن ٣-٢ (لوئەی سەلاح (٢)، بۆرخا رۆبیاتاو)

هەولێر - ئالی ئاوش ٣-٠ (بۆرخا رۆبیاتاو، نەبیل سەباح، هاوار مەلا محەمەد)

لە قۆناغی ١٦ی پاڵەوانێتیەکەدا یانەی هەولێر رووبەڕووی یانـــەی نەجمەی لوبنانی بووەوە و توانی یارییەکە بە لێدانی یەکلاکەرەوەی ســـزا بباتـــەوە. کاتێك کاتی فەرمی یارییەکە بە بێ گۆڵ تەواو بوو و بە لێدانی یەکلاکەرەوەی ســـزا یارییەکـــەی بـــە ئەنجامی (٣-٠) بردەوە، لـــە قۆناغی ٨ی پاڵەوانێتیەکەشـــدا کـــە لەگەڵ یانەی ڤێتنام ئەنجامدرا، یانەی هەولێـــر توانـــی یارییەکە بە ئەنجامی (١-٠) گۆڵ بباتەوە گۆڵەکەش لـــە رێگەی یاریزان (ئەمجەد رازی) تۆمار کرا و لە دووەم یارییـــەدا یانەی هەولێر توانی یارییەکە بە ئەنجامی (٢-٠) گۆڵ بباتەوە و



گۆڵەکانیش لە ڕێگەی یاریزانان (ئەمجەد رازی، هەڵگورد مەلا محەمەد) تۆمارکران.

لە چوارگۆشەی زێڕینی پاڵەوانێتییەکە یانەی هەولێر ڕووبەڕووی یانەی کیتچی هۆنگ کۆنگ بووە، لە یەکەم یاری هەردوو یانەی بە ئەنجامی (١-١) گۆڵ یەکسان بوون، تاکە گۆڵی هەولێر لە ڕێگەی یاریزان (لوئەی سەلاح ) تۆمار کرا، لە دووەم یاری لە وڵاتی هۆنگ کۆنگ یانەی هەولێر توانی سەرکەوتن تۆمار بکات و یارییەکە بە ئەنجامی (٢-١) گۆڵ بباتەوە گۆڵەکانیش لە ڕێگەی یاریزانان (عەلی فائز، ئەمجەد رازی ) تۆمار کران.

وا بڕیارە یاری کۆتایی پاڵەوانێتی جامی یەکێتی ئاسیا لە ڕۆژی (٢٠١٤/١٠/١٨) لە نێوان هەردوو یانەی هەولێر و قادسیەی کوێتی ئەنجام بدرێت، یارییەکە لە وڵاتی ئیمارات لە یاریگەی (مەکتوم بن راشد) تایبەت بە یانەی شەباب لە شاری دوبەی کاتژمێر (٧)ی ئێوارە ئەنجام دەدرێت، وا بڕیارە سبەی سێشەممە شاندی یانەی هەولێر بەرەو ئیمارات بەڕێبکەوێت بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەم یارییە و لە یاری کۆتاییدا دەستەی ناوبژیوانی کۆریای باشوور یارییەکە بەڕێوەدەبن و سەرپەرشتیاری یارییەکە لە وڵاتی سەنگافورە و سەرپەرشتیاری ناوبژیوانان لە وڵاتی قەتەرە.